# عومرێکە نابینم خۆرپەڕێ

ڕێناس جاف

ڕۆژگارێکە هۆ هۆ نیشتمان،لای ئێوارانـێ،

لـەم چۆڵستانـەی تـەنیا تێی کـەوتووم ،

بـەدیار زەردەکـەی سـەرکـەلێکتـەوە،نیگا ئـەژمێرم،

کـەچی بۆ جارێ، نـەمدی گوزەری پەڵـەخۆرێکیش،نسێی تۆی تیا بێ.

هـەموو ڕۆژانـێ تا بـە دوا چرکـەی کاتژمێرەکـەی مـەرگی ئیداران،

هێشتا هـەرئـەتۆی هـەژانـێ لـەنێو دەروونم ئـەخـەی ،

بـەڵام ئـەو دەمـەی بازاڕی مـەرگ، ساتـێ جێم دێڵـێ
و
تۆ بـە یـەک نیگا

بـە ئـەم گیانـەما گورجـێ ڕادەبری،

هـەواری خاڵیی ئێرەکانێی گیان،

ئـەی بۆ نازانـی وەکو باسکـەکـەی* جاری جارانـە

کـە بـە نیگایێک ئـەمباتـەوە نێو گش دیمـەنێکی مـەحاڵی دوێنێت.

ئای لـەو ڕۆژانـەی، ئا ئـەو دەمانـەی، هـەر ئـەو ساتانـەی،

من و تۆ و خوا، سێ بـە سێ گیانـە ،

هـەموو خۆرپـەڕێ،

بـە سۆزی دەنگـێ سرکـی لادێی ،

وەک دەروێشێکـی تـەریقـەتـی دڵ،جـەزبـە ئـەیگرتین

تا دەنگ کپ ئـەبوو ،سـەمای سـەر گیانمان زایـەڵـەی دەنگ بوو.

ئای ماڵوێران خۆم ، باریان کرد لـە لام،تازە کوا ئیدی ئـەگـەڕێنـەوە.

ئای تەنیایی  بۆ کوێم ئەبەی،چیت لێم ئەوێ،

دە بەسیەتی کوێرت کردم،کەڕت کردم، گیانت بردم،

کەچی دیسان هەر دەسبەردارم نیت!!

من عومرێکە نغرۆی نێو تۆم،من دەمێکە هەر بە تۆیە هەموو عومرم.

گەر ئێستاکێ، ساڵ دوانزە مانگ ،هەر بۆ جارێ،

بە سەفەرێ بیانبینمەوە،

دەردێکت داومێ ناڕەفیق،

گەشتم هەر گەشتی تەنیایە و پیاسەی جارانم بۆ نایە.

ئەی تاقانە هاواڵەکەی ئەمێستاکەم، ژووری تەنیام،

لەو دەمەوەی فرمێسکی  غوربەتت دامێ،

کەی بە بێ تۆ من هەڵئەکەم؟!

لەو ساتەوەی ژانی وا ڕۆژانێکت پێ چێشتم،

من بۆ ئەوەی بە یاد بگەڕێمەوە کوردستان،

دەبێ بە ناختا ڕۆچم تا بژیم .

ئای لە تاو تۆ ئەی زەردەکەی ڕۆح،

ئەی دوا گۆرانی دڵەی شێتۆکەم ،

پێم بڵێ گیانە من چۆن بسرەوێم.

سەری سەوداییم، چۆن  بگرێ ئۆقرە!

گەر جار ناجارێ،بۆ یادەوەری ئا ئەو ڕۆژانە

سەر ئەکەیتەوە بە هۆبەی گیانما و بۆم دێنیتەوە لەهاژەی دوێنێ

من و تەنیایی پێکەوە هۆن هۆن ملوانکەی شینت

لە فرمێسکی ڕۆح،بۆ ئەهۆنینۆ.

دڵت دامێ و خۆت ڕۆیشتی ئەی ماڵکاول،

سۆزت دامێ ، هەموو وەرزێک،ڕەنگی خۆیم لا بکەی بە میوان،

کەچی ڕەنگەکەی ساڵ دوانزە مانگم،تەنیا ڕەنگێکە

بۆنی ساڵم،هەر بۆنێکە و هەموو ساتێکی عومریشم،ئەڵێی هەر ساتێکە.

ئەی یارانی تەنیای تەنیا،من ئەزانم مەراق ئەکەم بەم غوربەتە

تو خوا گەر نەمام و مردم

ڕووی کێلەکەم، با گش ئێوارێ

دوا زەردەی خۆر،ڕێبوارئاسا

دوا تەوقەم لە گەڵدا بکا.

---

* باسک: گرد،لاشان،تەپۆڵکە

11ی سەرماوەزی 2705 کوردی

تاران